www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:55

# مـــــافـــــی ژن

ئەنوەر محەمەد

پێش ئەوەی بچمە سەر ئەسڵی باسەکە، پێم خۆشە شتێکی کورت لەسەر وشەی هاوار بڵێم. وشەی هاوار بە مانای ئەوەیە کەسێك هەست بە مەترسیەك دەکات، وابیردەکاتەوە کە بەتەنیا ناتوانێت بەرەنگاری بێت و کەسێك یان کەسانێك شك دەبات و هاواریان لێدەکات تا بەفریایەوە بێن. ئێمەی کوردیش زۆر لەمێژە دوژمنان هەڕەشە لەمان و نەمانمان دەکەن. پێمان وایە کە بەتەنیا خۆمان دەروەستیان نایەین. بەخەیاڵیش زۆر کەس و زۆر ئۆرگانیش شك دەبەین کە دەتوانن بەهانامانەوە بێن و هاواریان لێدەکەین. بەداخەوە تا ئێستاش نە هیچ کەس و نە هیچ ئۆرگان و کوoڕ و کۆمەڵێکی نێودەوڵەتیش، وەڵامی بەڕاستی هاوارەکانیان نەداوەتەوە و لە هانامان نەهاتوون. ئەگەر بەدەگمەنیش جارێك لە جاران بە قسە داکۆکیەکیان لێکردبین، لەبەر ئەوە نەبووە کە هەستیان بە زوڵم لێکراوی ئێمە کردبێت و ویسبێتیان لەوژێر باری زوڵمە دەرمان بێنن، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی خۆیان فرمێسکی زڕدایکانەیان بۆ ڕشتووین. هەرکە بە مەبەستی خۆیان گەیشتوون و کاریان پێمان نەماوە، وێڵیان کردووین و داویانینە دەستی دوژمنان. وایان بەجێهێشتووین هەروەك قەتیان نەدیوین و نامان ناسن، بە قسەش چاکەیان نەگوتوین و بگرە پیاوخراپیشیان کردووین.

ئێمەی کورد بۆیە نابێت لە بەرزکردنەوەی دەنگی هاوار ماندو بین و واز بێنین، بەڵام دەبێت ئەوجار چۆنیەتی و مەبەستی هاوارەکەمان بگۆڕین. ئەوجار دەبێت هاوار لە خۆمان بکەین و مەبەستیشمان تێگەیاندنی دنیای دەرەوە لەو ڕاستیە بێت کە خەڵکینە بزانن، ئێمەی کوردیش وەك هەموو گەلانی دنیا بەخۆمان پشت ئەستور دەبین و چیدی فریوی نەخشەوپیلانی دوژمنان و نەیاران ناخۆین. هەستمان بەوە کردووە، کەس نییە لە خۆمان بۆ خۆمان دڵسۆزتر بێت. هەربۆیە یەکدەگرین و پشتی یەکدەگرین و پاڵ بەیەکەوە دەدەین، تا ئەگەر لە هەر لایەکەوە دوژمن هێرشمان بکاتێ، دەگەڵی بەرەو ڕوو بین و نەهێڵین پشتمان لێ بستێنێ و زەفەرمان پێبەرێت. بەداخەوە عەیبی کاری ئێمە لەوەدایە و بووە کە عەیبی خۆمان نەدیوە و یان ئەگەر دیتوشمانە شاردومانەتەوە و هەوڵی چاککردنیمان نەداوە. تەنانەت جاری وا بووە بە عەیبمان دانەناوە و بە زانیارییەوە لەسەری ڕۆیشتووین. ئێمە دیتوومانە و بە دەیان جاریش تاقیمان کردۆتەوە کە تەفرەقە و دووبەرەکی و شەڕوناکۆکی ناوخۆیی چەند زیانی گەورەی لێداوین. چەند جار خەباتەکەمانی پێشکاوە و سەرئەنجام لە هەزارەی سێهەمدا، چەندی لە کاروانی پێشکەوتویی و عیلم و زانست دووری خستوینەوە. لە هەمان کاتیشدا باش دەزانین دوژمنان چەندیان قازانج لەو نەزانی و گوێنەدان و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردنەی ئێمە کردووە. بەو حاڵەش ئێمە هەروا لەسەر خەتاکانمان دەڕۆین. عەیبی گەورەی ئێمە ئەوەیە، هەرچەندی لە خەبات دژی داگیرکەراندا شێلگیرین و گەورەترین قوربانی لو ڕێگایەدا پێشدەکەین، ئەوەندەش لە خەباتی ناوخۆییدا بەدژی داب و نەریت و ڕێو و شوێنی نادروست کە زۆربەیان هی ئێمە نین و بەسەرماندا سەپاون، شل و شەویق و کەمتەرخەمین، بەجۆرێك کە دەستکەوتەکانی خەباتی دەرەوەمان لەناو بردووە. هیچ بیرمان لەوە

www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:55
نەکرۆتەوە هەتا لەناو خۆماندا ئەو ئاسەوارە شومانەی کە وەك ملۆزم ڕەگ و ریشەیان بنکوڵ کردووین، لەناونەبەین و خۆمان ڕێکوپێك و پتەو و مەحکەم نەکەین، ناتوانین گەلێکی پێگەیشتوو و سەرکەوتوو بین. هەتا لەناو خۆماندا خاوەنی عیلم و زانست و ئەخلاق و ڕەفتاری پێشکەوتو و زانستیانە نەبین، هەتا ئەقڵ و مەنتیق بەسەر زۆر و ملهوڕیماندا زاڵ نەبێت، هەتا بەرژەوەند و مەسڵەحەتی چین و تاقم و حیزب و سازمان، لە پێشەوەی بەرژەوەندی حیزبی بێت، هەتا حیزب و بیروباوەڕ لە خزمەتی گەلدا نەبێت و بەقوربانی گەل نەکرێت، ئەوەی دەیکەین ئاو کوتانە لە دەسکاونگدا. هەرچی بە قیمەتی گیانبازی و خۆبەختکردنی شەهیدان دەستمان دەکەوێت، بە هەڵوێست و کردەوەی هەڵقوڵاو لە سوننەت و شوێنی غەڵەت و بێزراوی کۆن لەناوی دەبەین و هەروا ڕەنج بە خەسارین. بەلای منەوە خەباتی ناوخۆیی و دروستکردنی کۆمەڵێکی تێگەیشتووپێگەیشتو، گرینگترین ئەرکە و زامن و بەرعۆدەی سەرکەوتنمانە. بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵەش چارەسەرکردنی مەسەلە و موشکیلاتی نیوەی کۆمەڵگایە کە بە ژنیان ناو دەبەین. هەربۆیە دەمەوێت لە هەوەڵین هاوارمدا، مەسەلەی مافی ژن بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە. چەندی دەزانم و دەتوانم لێی ورد ببمەوە و بە ڕاشکاوی بیروبۆچونی خۆم دەربڕم و گوێ نەدەمە لۆمە و سەرکۆنە و تۆپ و تەشەری هیچ کەس.

دەمەوێت بە زمانێکی سادەوساکارو بە سەداقەتێکی کوردانە بدوێم، لە وشەی ڕەق و تەق و نامۆ و نەناسراو لە نێو کۆمەڵگادا، خۆم وەپارێزم. بەپێی ئەوەی کوردێکم و تەمەنێکی درێژم لە نێو ڕەسەنترین چینی کوردەواری، واتە جووتیار و شوان و گاوان و کرێکار و زەحمەتکێشی گوندەکانی کوردستان تێپەڕ کردووە. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی خۆیدا، یەکێك لەو کەمە خوێندەوارانە بووم کە تەنیا لە حوجرەی فەقێیان دەیانتوانی دەرس بخوێنن و لە دوایشدا بوومە مەلاو لە مەلایەتیشدا و دوای مەلایەتیش چوومە نێو ڕیزی شۆڕشەوە. هەر لە هەموویاندا سەروکارم دەگەڵ مەسایلی کۆمەڵایەتی کوردی بووە و بەتایبەتی مەسەلەی ژنان. لەو بوارەدا بەشی خۆم تەجروبەم وەرگرتووە و لەسەر وەزعی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئاگاداریم هەیە و، لەباری ئاینیشەوە سەرەتەقەیەکی لێدەکەم. هەربۆیەش ئەو بابەتەم هەڵبژاردووە. داواشم لە هەموو زانایان چ ئایینی و چ غەیرە ئایینی لەو بوارەدا ئەوەیە، یارمەتیم بدەن و ڕێنوێنیم بکەن. ئەگەر هەڵەم کردبوو بۆم ڕاست بکەنەوە، ئەگەریش ناحەز بوو جوانترەکەی بخەنە ڕوو. دەبێت ئەوەش بڵێم کە من تەنیا بەرپرس و نوێنەری بیروبۆچوونی خۆمم و مەبەستیشم لە نووسینی ئەو باسە بڕیاروحوکم و فتوای شەرعی نییە. چونکەی موفتی نیم و ئەو ئیدیعایەشم نییە. بەڵام حەق بەخۆم دەدەم لەسەر هەر بابەتێك بیروڕای خۆم دەربڕم، جا ڕەنگە هەموو بۆچوونەکانم دروست نەبن.

مەسەلەی مافی ژن یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی دنیا بە گشتی و دنیای سێهەم بە تایبەتی. کێشەیەکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەڵی بەرەوڕووە و بە بڕوای من، هەروا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. لە سەرتاسەری ئەم جیهانە پان و بەرینەدا ئەو مەسەلەیە باسی لێدەکرێت. هەزاران ئەنجومەن و بنکە و بنیادی بۆ دروستکراوە و خەباتێکی شێلگیرو

بەردەوامیشی بۆ دەکریت. بەڵام تا ئێستاش ڕوون نییە ئەو مافە چییە و چۆن دەستدەکەویت. هەر وڵاتێک و هەر حکومەتێک و هەر حیزب و سازمان و هەر ئیدئولۆژی و ئایینی و سیاسی، تەنانەت سیستەمەکانی قەومی و عەشیرەتیش، بە مەزەندە یان خۆیان ماف بۆ ژن دیاری دەکەن، کە هیچیان یەکتر ناگرنەوە. ئەو هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەش بەداخەوە نەک هەر هیچ پارمەتییەکی بە چارەسەری مەسەلەکە نەکردووە، بگرە کردویانەتە گرێپوچکەیەک بە کەس ناکرێتەوە. دیسان بە داخەوە کە مەسەلەی مافی ژنانیش کراوەتە کاڵایەکی سیاسی و هەرکەسە بۆ قازانجی خۆی دەکاری دینێ. مافی ژنانیش وەک وشەی ئازادی و دیموکراسی، هەر کەس بە قازانجی خۆی ماناو تەعبیری لێکدەداتەوە. تەنانەت کراوەتە گۆپاڵێک کە پیڕەوانی هەر ئایین و ئیوئۆلۆژییەک پێی لە بناگوێی ئەویتر دەدات. هیچکام لەوانە تا ئێستا ڕوونیان نەکردۆتەوە کە لە ڕاستیدا مافی ژن چییە ؟! بە بڕوای من مەسەلەی ژن زۆر لەوە گەورەترو گرینگترە کە باسی لێوە دەکەن. مافی ژن ناکریت لە مافی مرۆڤ جیابکەیەوە. بە باوەڕی من مرۆفی ژن هەموو ئەو هەق و حقوقەی هەیە کە مرۆڤێکی پیاو هەیەتی. ئەو مافانەی بۆ مرۆڤ لە ژیاندا وەبەرچاو دەگیرێن بۆ هەمووانە، بە بێوەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەوە ژنە یان پیاو. بۆ ژیانی پیاو هیچ زیادەبەشێکی بۆ دیاری نەکراوە کە بوبە ژن نەدرابێت. هیچ قانونێکی شەرعی و ناشەرعی بۆی نییە، لە مرۆڤ بونڕا ژن و پیاو لێک جوێ بکاتەوە. بۆ ئەوەی باشتر لە مەسەلەکە بگەین، دەبێت لەپێشدا بزانین ژن چییە. هیچ ئایین و ئیدئولۆژییەک ناتوانێت بڵێت ژن لە بنەماڵەی مرۆڤ نییە. ئەگەر ئیمانی بەوە هەبوو کە ژن یەکێکە لە پایە هەرە گرینگەکانی دروست بونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەریان لازم دەبێت کە نرخی پلەو پایەکەی باش بزانن و ڕێزی لێبگرن. کەس نییە نەزانێت کە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن، هیچ کامیان بە تەنیا ئیمکانی بونیان نییە، لەوەش گرینگتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بە بێ ژن و پیاو ناتوانێت ببێت. ئەگەر ژن و پیاو پێکەوە نەبن ئەو پیاوزاڵمەی کە مافی ژن پێشێل دەکات خۆی چۆن دەبێت، چۆن دەکریت کە ئەوەی تۆی بەدیهێناوە مافی ژیانی وەک تۆی نەبێت. ژن شەریکی ژیانی پیاوە، لە کام قانوندا هاتووە کە یەکێک لە لایەنی شەراکەتەکە هیچ مافی نەبێت و ئەویتریان هەموو حەقێکی هەبێت ؟! کام شەرع و قانون ئەو حەقەی بە پیاو داوە، کە هەرچی پێی خۆشە دەگەڵ بابەتی شەراکەتەکەیە بیکات بەڵام ژن کە شەریکە نەتوانێت هیچ شتێک بە دڵی خۆی بکات ؟! کام عەقڵ و مەنتیق ئەوەی قبوڵە، دوو کەس شەریکن لە شتێکدا یەکیان ئەو مافەی هەیە بە بێپرس و ڕەزایەتی ئەویتر لێی خەرج بکات، بیبەخشێ و تەنانەت لە ڕێگای خراپ و نامەشروعی خەرج بکات بەڵام شەریکەکەی دیکەی ئەو هەقەی نەبێت خێریشی پێبکات و پڕ بە زگی خۆشی بخوات ؟!

ژن بەڕێوەبەری ماڵە، دایکی منداڵە کە جگەرگۆشەی باوکە، جێگاو هەڵگری ڕازو نیازی پیاوە، یەکێکە لە پایە هەرە بەنرخەکانی بنەماڵە. منداڵ پێدەگەیەنێت، ئەو منداڵە دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، میداڵ زووتر خووخدەی دایک هەڵدەگریت. منداڵ بە لاواندنەوە و خۆشەویستی دایک هەڵدەدا. سەرئەنجام منداڵ زۆرتر لە دایک داب و نەریت فێر دەبێت و بە ڕێنوێنی دایکەوە

www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:55

دەچێتە ناو کۆمەڵەوە. دایکە کە پاراستن و پێگەیشتنی منداڵ بەلایەوە لە هەموو شتێک گرینگترە. شەووشەونخونی لەسەر دەکێشێ هەتا خۆشی و بەختەوەری منداڵ مسۆگەر بکات. یان باشتر بڵێم دایک بە سۆز و هەستترە لە باوک. ئەو دایکە زەحمەتکێش و فیداکارەش ژنە. لە کام یاساوا هاتووە ئەوەی بەوڕادەیە دووری گرینگی لە ژیانی بنەماڵە و بەڕێوەبردنی ماڵی کۆمەڵدا هەیە و هاوبەشی ژیانیشە بەڵام هەر ئەوەی پێی گەیاندووە، دەبێت مافی بۆ دیاری بکات و بۆ خۆی هیچ دەستەڵاتێکی نەبێ. لەسەر مافی ژن زۆر گوتراوە و زۆر نووسراوە، بەڵام تا ئێستەش ئاکامێکی ڕاستەقینە و بەکەڵکی لێدەست نەکەوتووە. ژن بەرزترین و بەنرخترین پلەی لە بنەماڵەو کۆمەڵدا هەیە، یەک لەوان دایک بونە. ئەو پلەیەی بەهەق ژن دەگەڵ پیاو لە یەک ڕیزدا دادەنێت و ڕێگە نادات هیچ زێدە بەشێک بە بیانوی پیاوبون بدرێت بە پیاو، ئەوە نییە پیاو دایک گەورەو پێیگەیاندووە. ژن و پیاو لە مافی مرۆڤایەتیدا بەرامبەرن و دەبێت هەردووکیان پێکەوە بنەماڵە پێکبێنن و بە هەوڵ و تەقەلای هاوبەش بناغەیەکی شەرافەتمەندانە بۆ کۆمەڵ دابڕێژن و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری دروست بکەن. بە بڕوای من، ماف دەکرێت بە دوو بەشی گشتی دابەش بکرێت. بەشی یەکەمی زاتییە، واتە دەگەڵ بونی مرۆڤەکە ئەو مافانەی دەبێت هەبێت، وەک هەرچی پێویستیە بۆ ژیانێکی سەربەست و پڕ لە بەختەوەری، ژیان، بیرکردنەوە، نووسین، دەربڕینی بیروڕا و خوێندن، هەڵبژاردنی شێوەی ژیان، بە گشتی ژن و پیاوی نییە، مرۆڤەو ئەویش مافی ژیانی بەختەوەرانەی هەیە. بەشی دووەمی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی وەدەستی دەخات. وەک ئەوەی کە مرۆڤ هەوڵدەدات، زەحمەت دەکێشێت، خۆی دەگەیەنێتە بەرزترین پلەی زانست. یانی بە هۆی لێهاتوویی بەرزترین و گرینگترین ئەرکی کۆمەڵ بەڕێوەبردن بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. لەو بەشەیدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا نییە، لێرەدا زانست و لێهاتوویی میلاکی کارە نەک ژن یان پیاو بون. ئەگەر بمانەوێت ڕاستەقینە بخەینە بەرچاوی بیروڕای گشتی و گوێ نەدەینە تیروتوانجی ئەم و ئەو، خۆ لەبەر لەعن و تەکفیریش ڕابگرین، دەبێت بڵێین کە هیچ یاسایەک چ ئایینی و چ غەیرە ئایینی بۆی نییە مافی زاتی و خلیقەتی کەدەگەڵ بونی مرۆڤ پەیدا دەبن، لێی ببرێت و یان داگیری بکات. نابێت لە ژیانی شەخسیدا لە نێو ژن و پیاودا فەرق بخا. دیسانیش دەڵێم لە ژیاندا هیچ جیاوازیەک لە نێوان ژن و پیاودا نییە. کەس بۆی نییە پێوانەی تایبەتی بە بیروفکری خۆی بۆ دیاری بکات. ئەو هەست و شغوروئیحساسەی لە پیاودا هەیە لە ژنیشدا هەیە. کەس بۆی نییە ئەو هەست و شعورە لە هیچ کامیاندا بمرێنێت. ژن بەو هەموو تایبەتمەندی و پلەوپایەی گرینگ و ئەرکی قورس و بەنرخەی لە کۆمەڵدا هەیەتی، هەمووومان باش دەزانین کە چۆن زوڵمی لێکراوەو دەکرێت. گومان لەوەدا نییە کە بەزۆری ژن وەک کەرەسەیەک بۆ خزمەتکردنی پیاو بە هەموو شکڵێکی کەڵکی لێوەرگیراوە. بۆ لابردنی ئەو نابەرامبەرییە لە دنیادا زۆر هەنگاو هەڵێندراوە و لە زۆر شوێن تا ڕادەیەکی زۆر کێشەکە چارەسەر کراوە. لە کوردستانیش لەوەتا حیزب و سازمانی سیاسی دروست بوون، بە قسە دەست بە خەبات بۆ دابینکردنی مافی ژن کراوە. زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەن و سازمانی جۆراوجۆری ژنان دروستکراوە. بەڵام ئەوەی ڕاست بێت لەو خەباتە بەنرخ و قورسەدا، نە

www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:55

سەرکەوتنی بەرچاو دەبینریت و نەدەرمانی دەردەکە دۆزراوەتەوە. بەبڕوای من شێوەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ژن، ئیلهامی لە خەباتی سیاسی حیزبە کوردیەکان وەرگرتووە. بەو مانایە هەموو هەوڵ و تەقەلا و باس و خواسەکە لەوەدا کۆکراوەتەوە کە پیاو زاڵمەو ژن مەزلومە. باوکسالاری دەبێت لابچێت و دایکسالاری بێتە گۆڕێ. لە وشەیەکی ڕوونتردا بڵێم، دوژمنایەتیەکی لە ئاشتی نەهاتوو بۆ ژن و پیاو دروستکراوە، کە دەبێت نیوەی کۆمەڵ تۆڵە لە نیوە زاڵمەکە بستێنێتەوە. ژن وپیاو کە ژیانیان بە بێ یەکتر ئیمکانی نییە، وایان لێدەکەن کە پێکەوە نەتوانن بژین.

ئەو شێوە خەبات و تەبلیغاتە چەندین ساڵە سەرەڕای خەباتێکی خوێناوی حیزبە کوردییەکان نەیهێشتووە بە ئامانج بگەن و لە ئاکامدا بەگژ یەکتردا هاتوون. ئەوانیش هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە دەبێت پێکەوە بتوانن بژین و جیاوازی بیروباوەڕ بە مانای دوژمنایەتی نییە. ئەوانە هەمیشە بەهێزبونی خۆیان لە لەناوبردنی یان بێهێزکردنی ئەویتردا بەدیکردووە. یان باشتر بڵێم ئەندامانی خۆیان بە بیری دژایەتی دەگەڵ ئەوی دیکە پەروەردە کردووە. هەربۆیەشە نەدەتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن و نە ڕێز بۆ هیچ پەیمانێکی دۆستی و برایەتی دادەنێن. ئەگەر ژنانی کۆمەڵی کوردەواریش بەو بیرە ڕابهێنرێن کە پیاو زاڵم و چەوسێنەری ژنە و دەبێت دەستەڵاتی لەدەست دەربێنێت و چی کردووە ئەوەی لەگەڵ بکەیەوە، گومانی تێدا نییە فاجیعەیەکی مەترسیدارتری لێپەیدا دەبێت. بەبڕوای من ژن و پیاوان، دەبێت پێکەوە شانبەشانی یەک، ئەنجومەن و سازمان و یەکیتی هاوبەش پێکبێنن و پێکەوە ڕێگەی ژیانی بەختەوەرانە بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ژن و پیاو ئەرکی پێکهێنانی بنەماڵەو کۆمەڵیان لەسەر شانە، پێوەندی ئەو دووانە دەبێت ئەوەندە بەهێزبێت کە هیچ شتێکی مادی و مەعنەوی، هیچ بەرژەوەندی و تێبینییەک نەتوانێت ئاڵۆز و بێهێزی بکات. دەبێت ئەو پێوەندییە ئەوەندە عادڵانە بێت کە هیچ کەس نەتوانێت باسی کەمی و یان زۆری تێدا بکات. دەبێت ڕێزدانان بۆ پێوەندی ئەو دووانە ـ جزوی ئیمان و پەرستن بێت. دەبێت هێندە پاک و پیرۆز و سادقانە بێت کە بنەماڵە و کۆمەڵ پڕ بکات لە ڕاستی و خۆشەویستی و بەختەوەری. دیارە لەسەر ئەوە کە کێ زوڵمی لەوبەشەی لە کۆمەڵدا کردووە، کێ و یان چ قانونێک مافی ژنی بڕیووە و داگیرکردووە، ئەوەی ڕاست بێت وەک کڵاشی ئاشەوانی لێهاتووە. هەرکەس لەسەر زگی خۆی لادەبات و لەسەر زگی ئەویتری دادەنێ. هێندێک ئایین بەتاوانبار دەزانن، هێندێک نەبوونی ئایین بە هۆی تاون و زوڵم دەژمێرن. جگە لەوانە مانای ماف و تەعبیر لە ماف لە لای هەر ئیدئۆلۆژیەک بەجۆرێک لێکدەدرێتەوە. هێندێک لە کردەوەدا دروست بە دژی ئەوە عەمەل دەکەن کە بە قسە بە خەڵکی دەڵێن، تەنانەت لەنێو حیزب و سازمانەکاندا کە دیفاع لە مافی ژن دەکەن و لە پێرەو و پرۆگرامیاندا مافی بەرامبەر دەدەن، لە کردەوەدا بۆ خۆیان پێی مولزەم نین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد، چ سیاسی و چ ناسیاسی و مەزهەبی، زۆرتر گرنگی بەڕواڵەتی دروشمەکان دەدەین و یان لە ناوەڕۆکەکەی ئاگادار نین یان ئاگادارین و پشتگوێی دەخەین. لێرەدا نمونەیەک دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی باشتر لە موشکیلەکە تێبگەین. لەبیرمە لە گوندی دوو کەس ڕەدوان کەوتبوون، ماڵی باوکی کچ و کوڕ هەردووکلا

بەهێز بوو و مەترسی دەکرا شەڕ بکەن و کەسێك یان کەسانێك تێدابچن. من کە کادری سیاسی و مەلاش بووم، دەگەڵ برادەرێکی دیکە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوچە بوو، چووینە مەسڵەت کردن. شەو لەماڵی بابی کچە دانیشتبووین و قسەی زەلاممان دەکرد کە بەڵێ ژنیش مافی خۆیەتی هاوبەشی ژیانی هەڵبژێرێ و چی و چی، ئەوەندەمان هەق و حقوق بۆ ژن دەژمارد کە ڕەنگە ئەوەندە مافەی هەر نەبێت. بە کورتی شەکری وامان دەشکاند لە قتوی هیچ عەتارێکدا نەبووە. بەتایبەت هاوڕێیەکەم خۆی هەڵدەسوڕاندو لەوانەبوو پیاو لەسەر ئەو مافانەی ژنان بکوژێت !! ڕاست لەو گەرمە باسەدا نامەیەکم درایە، کە تێیدا نووسرابوو، کچی هاوڕێیەکەم ڕەدووان کەوتووە. نامەکەم بۆ خۆم خوێندەوە و لە گیرفانمنا. مەسەلەی کێشەی کچ هەڵگیرانم بەجوانی حەلکردوو هەر ئەو شەوە ئاشتم کردنەوە و ئاو بە ئاگردا کرا. شەو هاتبووە بەری بەیانی کە لەو گوندە ڕۆیشتین. لەڕێگادا هاوڕێییەکەم پرسیاری کرد کە ئەو نامەیە چی بوو ؟ منیش وتم مەسەلەیەکە وەك مەسەلەی ئەوشۆ بەڵام بەو فەرقە ئەوجارەیان کچی تۆ ڕەدووان کەوتووە، واتە کارەکە هاسانە و ماندوبونی ناوێ ! هەرکە ئەو قسەیەی بیست وەك فیشەکە کوێرە دەرپەڕی، دایکم مرێ و بابم مرێ هەر ئێستا دەچم دەیکوژم. هەرچۆنێك بێت تێمگەیاند کە خۆ بادانەکەی هەڵەیە و ڕازیشم کرد. ئەوەی لەو هەڵس و کەوتە بۆم دەرکەوت ئەوەبوو، کە خۆی بەهێزترو خاوەن دەستەڵات دەزانی، واتێگەیشتبوو ئەگەر کەسێك دەستەڵاتی هەبێت نابێت ڕێگە بدات هیچ شتێك بەپێچەوانەی دڵی ئەو بکرێت. مەترسی من لەوەدایە کە کەسانێك، خەبات بۆ مافی ژن بەدەستەوە بگرن، کە مەیدانداری ئەو خەباتە بەنرخ و پیرۆزەبن. لە یەك وشەدا، بۆ ناسانی مرۆڤ و مافەکانی بە ژن و پیاویەوە، دەبێت کۆمەڵ بە تێکرا ئاگاو تێگەیشتوو و زاناو شارەزا بن. خەباتەکان بەشێوەی عیلمی و لە چوارچێوەی عەقڵ و مەنتیقدا بەڕێوەبەرن و لە جیاتی یەکیەتی ژنان، یەکێتی ژنان و پیاوان دروست بکەن. لێرەدا دوایی بەو بەشە دێنم و هیوادارم مەسەلەی ژن و مافەکانی، لەڕوانگەی ئاینەوە و لە قاڵبێکی ڕەخنەگرانەدا پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێز بکەم. باسەکە بەلامەوە گرینگە وە درێژەی دەبێت و لە هەر بارێکەوە شیدەکرێتەوە، ئەوەندەی لە توانای نووسەردا بێت.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣